cyan magenta yellow black File: P.13



# ترس و خۆشەویستی دوانەی دانەبڕاو بۆ کچانی وڵاتی من



**ڕاپۆرت/ ژیلا کەریمی**

ئەوەیکە لە زۆربەی وڵاتان دەبیستین و دەبینین خۆشەویستی جوانترین ڕووداوی تەمەنی گەنجییەوە و عاشقبوون لەو بیرەوەرییانەیە کە بۆ هەمیشە یادی دەکریتەوە. ئەی چۆنە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و کوردستان بە تایبەت بۆتە مەلۆزم و یەخەی گەنجان بە تایبەت کچان بەرنادات و قوربانی وەردەگرێت؟ بۆ لە کوردستان، خۆشەویستی بە تایبەت بۆ کچان شەرمە و بە شاراوەیی ڕوودەدات؟ بۆ بنەماڵە ناتوانن هیچ لەو بارەوە گەنجی خۆیان ڕێنوینی بکەن و تەنیا کاریان ترساندن و تۆقاندنە؟ زۆربەی کەسانی بەشداربووی ئەو ڕاپۆرتە داوایان کردووە بە ناوی خوازراو بەشدار بن:

**تەجروبە نەکردنی خۆشەویستی لە مەحاڵاتە**

سارا گەنجێکە و پێیوایە کە مەحاڵە گەنجێک بتوانێت خۆی لە ئەوینداری بپارێزێت و دەڵێ: وابزانم ئەوە لەو ڕەوشانەیە کە بە پێی تەمەن بۆ هەر گەنجێک ڕوودەدات و ناکرێ لێی دووربکەویتەوە. بە ڕای سارا ئەوە ڕەوتی ئاسایی ژیانە و ئەوانەی لەگەڵ خۆیان ڕاستگۆ بن هەموویان بەو ڕێگەیەدا هەنگاویان ناوە و ئەوانەی سەرکەوتوو بوون ئاشکرای دەکەن و ئەوانەی شکستیان خواردووە بۆ هەتایە دەیشارنەوە و تا ئەو جێگەیەی توانایان هەبێت کەسەکانی خۆیان لە خۆشەویستی دەپارێزن. سارا وەک گەنجێک حەزدەکات هەرکات ئەویندار بوو بتوانێت ڕاشکاوانە بە دایکی بڵێت و ڕێنمایی لەو وەربگرێت نەک لەو هاوڕێیانەی کە لە باری ئەقڵەوە هەر لە هەمان ئاستی ئەون، بەڵام بە ئاخێکی قوڵ کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت.

**خوێندنەوەی هەڵە بۆ ئەوین و شکستی خۆشەویستی**

شەرمین ساڵح پێیوایە کە بە هەڵە تێگەیشتن لە خۆشەویستی لە کوردستان سەرچاوەی شکستەکانە و دەڵێت: کچانی ئێمە بە خۆشمەوە لە یەکەم ئەویندا حەزدەکەین بەر لەوەی زۆر پەرە بسێنێت، ئەو کەسە بێتە داوامان و بە هاوسەرگیری بگات، ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەموو خۆشەویستییەک ئەوین نییە و پێویستە زۆر وردتر لە بابەتەکە بڕوانی. شەرمین دەڵێت ئەو شتانەی کە من لە تەمەنی 18ساڵی بۆ کەسی هاوبەشی ژیانم وەک باشترینەکانم دەزانی ئێستا بە هاتنم بۆ زانکۆ زۆربەیان گۆڕاون. بۆیە ئەگەر ئەوکات کەسێکم خۆشویستبا بێشک ئێستا تووشی کێشە دەبووم، بۆیە پێموایە خۆشەویستی تەمەن و ڕۆشنبیری تایبەتی دەوێت بۆ ئەوەی شکست نەهێنێت. خۆشەویستی قۆناغێکە بۆ یەکتر ناسین و لە یەکتر گەیشتن و مەرج نییە هەموو خۆشەویستییەک بە هاوسەرگیری کۆتایی پێ بێت.

**هەڵچوونی هەرزەکاری و ئەوین**

شادیە خۆشەویستی بە هەڵە دەزانێت و دەڵێت: بەداخەوە کچانی ئێمە لەگەڵ پێگەیشتن هەر هەڵچوونێکی سۆزداری بە ئەوین دەزانن و بە هۆی کامڵنەبوونەوە زۆر کاری هەڵە لەو خۆشەویستیانە ئەنجام دەدرێت و بەداخەوە کوڕانی ئێمەش زۆربەیان خۆشەویستی و ڕابواردن تێکەڵ دەکەن و ئیستغلالی کچانێکی کەم تەمەن و بێ ئەزموون دەکەن و زۆرجار دەبینین کە مردن کۆتایی ئەو خۆشەویستیانەیە. بۆیە نەبوونی ڕۆشنبیری ئەو هەڵەی لە کچانی ئێمە ئەستاندووە کە تامی شیرینی خۆشەویستی بکەن و هەموو کات بە ترسێکەوە دەچنە ئەو پرۆسەیە. خۆشەویستی ئەگەر لە کات و تەمەنی خۆی بێت و خوێندنەوەی دروستی بۆ بکرێت و بزانیت چیت دەوێت ئەوەندە مەترسیدار نییە کە لە وڵاتێکی وەک کوردستان قوربانی لێبکەوێتەوە.

**خێزان و پێنەدانی ڕۆشنبیری بە گەنجان**

چنار ئیبراهیم فەرمانبەرێکە و خاوەن سێ منداڵە کە دووانیان کچن و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: دەبێت خێزان لەوە تێبگات کە پەروەردەکردنی منداڵ تەنیا نان و ئاو و جلوبەرگ نییە، ئەرکێکی ئەوەندە قورسە کە دەبێت زۆر بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. چنار خۆی بە خۆشەویستی هاوسەرگیری نەکردووە و دەڵێ ئەوەندە لە گەنجی دایک و باوک و براکانم ئێمەی کچەکانیان لە چوارچێوەیەکی داخراو ڕاگرت کە هەمیشە نەک ترس لە خۆشەویستی بەڵکو ترسمان لە ڕەگەزی نێرینە هەبوو. بە ڕاشکاوانە دەڵێت کە پاش هاوسەرگیریش نەیتوانیوە ئەو ترسە لە خۆی دوور بکاتەوە و دەخوازێت بتوانێت ئەوەندە لە کچەکانی نزیک بێت کە ڕاشکاوانە قسەیان لەگەڵ بکات و پێیان بڵێت کە چۆن و بە چ پێوەرێک دەبێت کەسێک وەک خۆشەویست هەڵبژێرن و دەڵێ ئەوە ئەرکی خێزانە کە ڕۆشنبیری بدەنە منداڵەکانیان چ کوڕ چ کچ کە خۆشەویستی یاریکردن نییە و نابێت یاری بە هەستی کەسانێک بکرێت، پێگەیشتن و تێگەیشتن وادەکات کە نە کوڕەکانمان خۆشەویستی وەک ڕابواردن ببینن نە کچەکانمان لە خۆشەویستی بترسن. دەبێت گەنج لەوە تێبگات خۆشەویستی تەنیا لێدانی دڵ نییە و دەبێت چەندین پێوەری خێزانی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئابووری لەبەرچاو بگیردرێت.

**خۆشەویستی قوڵ و چاوپۆشی لە هەڵەکان**

تارا کچێکی قوتابی زانکۆیە و ڕایوایە کە: بەداخەوە لای ئێمە خۆشەویستی کەسەکە کوێر دەکات بە شێوەیەک هەموو ڕەفتارێکی ئەو کەسەی خۆشی دەوێت بە ڕاست و دروست دەزانێت، بۆیە هیچ ڕەخنەگرتن و گۆڕانکارییەکی کردەوەیی لە کەسەکان ڕوونادات و لە ترسی ئەوەی ناویان لەگەڵ ئەو کەسە نەزڕێت هەموو کردەوەیەکی قبوڵ دەکەن، بۆیە کە دەگەنە هاوسەرگیری و چەند ساڵ تێپەڕدەبێت ئیتر دەزانن چەند لەیەکتر دوورن. ئافرەتەکە بەس دەبێتە دایک و پیاوەکەش دەبێتە کەسێکە چاولەدەرەوە، هەڵبەت ئەوە بۆ هەمووان نییە و مەبەستم هەموو خێزانەکان نییە. بە ڕای تارا ئەگەر خێزان بە شێوەیەکی تەندروست لەو خۆشەویستییە ئاگەدار بێت چ وەک دایک یان خوشکێکی گەورەتر و پێوەری هەڵسەنگاندنەکان تەنیا خۆشەویستی نەبێت و ئاستی خێزان و ... لەبەرچاو بگیرێن ئەوا زۆر خێزانی سەرکەوتووتر دروست دەبێت و کۆمەڵگە لە داهاتوودا لێی سوودمەند دەبێت و نەوەیەکی ڕۆشنبیرتر پەروەردە دەبن.

**ترسی ئابڕوو هەڕەشە بۆ ئەویندااران**

مامۆستا نەجلە لە دواناوەندییەکی کچانە وانە دەڵێتەوە و دەڵێ: لە کوردستان هەردەم ترسی ئابڕووچوون وەک هەڕەشە لای خۆشەویستان بۆتە مۆتەکەی ژیانیان و پێیوایە گەنجان نازانن خۆشەویستی بکەن. نەجلە باس لە ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دەکات و پێیوایە کە زۆر بابەتی ئەوینداری لەو فایلانە کپ کراون و دەڵێ ئەو تەرمانەی دەدۆزرێنەوە لە ئەنجامی خۆشەویستی ناتەندروستن و ئەگەر خێزان بیتوانییایە ڕاستتر مامەڵەی لەگەڵ بکات بێشک شیرینی ئەوین بە دێوەزمەی مەرگ نەدەگۆڕدرا. نەجلەخان باس لە ئەزموونی خۆی لە قوتابخانەی کچان دەکات و دەڵێت کچەکان زۆر زووتر لە تەمەنی پێگەیشتن خۆشەویستی تەجروبە دەکەن و هەر ئەوەش وادەکات هەڵە بکەن، بێشک کەسێکیش نییە کە ڕێنوێنی لێوەربگرن بۆیە پرس بە هاوتەمەنەکانی خۆیان دەکەن و هەر خوا بزانێت هاوڕێکانیان بە چ جۆرێک ڕێگەیان پیشان دەدەن. باس لەوە دەکات کە بنەماڵەکان زۆر بە شانازییەوە خۆشەویستی کوڕەکانیان دەناسن و باسی لێوە دەکەن کەچی هەمان کار بۆ کچەکانی خۆیان قەدەغەیە.

## لە هیندستان خۆشەویستی لە تیرۆریسم مەترسیدارترە!



ەوەی لە ڕووی فیلمەکانەوە لە وڵاتی هیندستان هەستی پێدەکرێت وڵاتێکە پڕلە سۆز و ەویندارى، بەڵام جیهانی دەرەوە زۆر لە نێو هی فیلمەکان جیاوازترە، بۆیە ئامارەکان ئەو ڕاستییەیان درکاندووە کە لە هیندستان قوربانیانی خۆشەویستی زۆر لە تیرۆر زیاترن.

لە ساڵی 2001تا 2015بە هۆکاری ئەوینداری 38585 کەس کوژراون، 79189کەس خۆیان کوشتووە و 260000 کەس ڕفێندراون. ئەوە لە حاڵێکدایە هێرشە تیرۆریستییەکان تەنیا بیست هەزار قوربانی لێکەوتووەتەوە.

"ئۆماچاکر ئۆواراتی" مامۆستای خانەنشینی زانکۆ لەو بارەوە دەڵێت: "بۆ تێگەیشتن لەو توندوتیژیانە کە هۆکارەکەی نەبوونی ئازادی تاکە بۆ هاوسەرگیری، دەبێت باش لە کۆمەڵگەی پیاوسالار و چینی کۆمەڵایەتی بگەین."

ئەو ئامارانە دەریدەخەن کە لە ڕۆژدا بە شێوەیەکی گشتی 7کوشتن، 14 خۆکوژی و 47 بابەتی ڕفاندن ڕوودەدات کە زۆربەیان بە هۆی ڕاکردنی کچ و کوڕی ئەویندارە بە بێ ڕەزامەندی خێزانەکانیان.

**سەرچاوە: العالم**

## ئەبێت و نابێتەکان لە دنیای ئەوینداریدا

و/ لەیلا سلێمان

هەموو ناسینێک بە هاوسەرگیری کۆتایی نایەت و بە هەر هۆکارێک ئەگەری جیابوونەوە لە ئارادایە. لە جیاوازی و دژەوەستانەکانی بنەماڵەکان تاوەکوو کێشەکانی ئابووری و کلتووری و ...تد. لەو بابەتەدا باس لەو هۆکارانە دەکرێت کە دەبێت بۆ ئەویندار بوون لەبەرچاو بگیردرێت:

لە کردەوەکانی هاوسەنگی نەبێت: لە یەکەم هەنگاو بۆ دڵدان بە کەسێک کە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هاوبەشی ژیانتان هەبوونی هاوسەنگی لە کردەوە و کەسایەتییەکی بەهێزە. ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرن دەبێت لە ڕووی دەروونییەوە کەسێکی تەندروست بێت چونکە خۆشەویستی و دەرهاوێشتەکانی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ تەواوی بەشەکانی کەسایەتی هەیە.

هێڵەسوورەکانی ئەوینداری: لەبەرچاوگرتنی ئەدەب لە قسە و کردەوەدا لە نیشانە گرنگەکانی هاوبەشی ژیان و ئاشقی ڕاستەقینەیە بۆ داهاتوویەکی گەش و ئەو کەسەی بەرامبەری ئێوە نابێت هیچ نیشانەیەک لە بێ حورمەتی بە خێزان و ناسیاوی تیا بێت تا دەگاتە لانەدان لە بەها کۆمەڵایەتییەکان. وردبوونەوەی زیاتر و نزیکبوونەوەی تەندروست بە ئاگەداری بنەماڵەکان دەرفەتی ئەو ناسینە دەخولقێنێت.

پێوەری خێزانەکان گرنگە: دەبێت ئاستی کۆمەڵایەتی و پێوەری خێزان لەبەرچاو بگرن. کەسێک هەڵمەبژێرن کە زەوی تا ئاسمان لەگەڵ کلتوور و چینی کۆمەڵاتی و بیرو باوەڕتان جیاوازە، ئەوەش تەنیا کاتێک ڕوودەدات کە ئێوە دوور لە هەڵچوونەکانی سۆزداری ئەو کەسە هەڵبژێرن، لە پاشان دەتوانن جیاوازییە بچووکەکان بە لێکتێگەیشتن و لێبوردن چارە بکەن.

ئەگەر لەسەر بنەمای هەستەکان بڕیارتان داوە: بۆ ئەوەی تامی بەختەوەری بکەن ئیزن بدەن ئاقڵ قسەبکات و دڵ گوێ بگرێت. باس لە گەیشتن بە یەک و تەمەنێک ژیانی هاوبەشە. پاش ئەوەی پێوەرە گرنگەکانتان لە کەسی بەرامبەر دۆزییەوە و ڕاوێژتان بە کەسانی پڕئەزموون و نزیکەکانتان کرد و بیرکردنەوەتان خستە ڕەوتێکی دروست ئینجا بە یارمەتی دڵتان پەیوەندییەکی دروست و بێ مەترسی دەستپێبکەن، چونکە تەنیا وتەی ئاقڵ بۆ دەسپێکی ژیان تەواو نییە و پاش هەڵسەنگاندنی بژاردەکەتان پێویستە کەسەکە لە فیلتەری هەست و خۆشەویستی تێپەڕێت. خۆشەویستی کوێرانە تەنیا بە شکست کۆتایی پێدێت. ئەو ئەویندارانەی کە چاوپۆشی لە کەموکوڕی و عەیبە بەرچاوکان دەکەن و دڵیان بە بەڵێنە خەیاڵییەکان خۆش دەکەن، دەبێت چاوەڕێی هەموو دواهاتە مەترسیدارەکان بکەن. پێویستە ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرن دەیان هۆکار و پێوەر لای خۆتان بۆ قبوڵکردنی بهێننەوە.

ئەگەر باری ئابووریتان تەواو نییە

ڕەنگە ئێوەش وشەی تەڵاقی ئابووریتان بیستبێت، ئەو کێشە ئابوورییانەی کە پاش جیددی بوونی پەیوەندی سۆزداری و گەیشتنی بە قوناغێکی پێشکەوتووتر واتە هاوسەرگیری کەم کەم خۆی دەردەخات و شیرینی ئەوین بۆ هەردوولا دەکاتە ژەهری مار. کێشە ئابوورییەکان چاوەڕوانەکراون و دەبێت زۆر بە زیرەکی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ئەگینا دەرئەنجامی ویرانکەرە. کەواتە بێ لەبەرچاوگرتنی خۆشەویستی ئاگرین لە ڕۆژەکانی سەرەتادا پلەی چاوەڕوانیتان لەگەڵ داهاتی ئەو کەسەی خۆشتان دەوێت هەڵبسەنگێنن ئینجا بڕیار بدەن. واباشترە بەڵێنی درۆ و دوور لە ئاستی ئابووریتان بە یەکتر نەدەن.

خۆتێهەڵقورتاندنی بنەماڵەکان: زۆرجار خۆتێڵقورتاندنی بنەماڵەکان بە بیانووی ئەوەیکە منداڵەکانیان بێ ئەزموونن و ئەوان ڕێنوێنیان دەکەن یان لەبەر خۆشەویستی و نزیکبوون لێیان ئەنجام دەدرێت، دەبێت بزانن ئەوە زیان بە پەیوەندی خۆشەویستی دەگەیەنێت و پێویستە زۆر زوو بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی هاوسەرە ئەویندارەکان.

ئەگەر نەگیشتوونەتە پێگەیشتنی سۆزداری و ئەقڵی: خۆشەویستی لە تەمەنی کەم و بڕیاری زووی هاوسەرگیری بە هۆی نەبوونی ئەزموون و نەزانینی کۆنترۆڵکردنی کێشەکان لە ئەنجامدا شکست دەهێنێت. نەبوونی تەمەنێکی پێگەیشتوو وادەکات بڕیارەکان زیاتر لە ڕووی سۆزەوە بێت تا ئەقڵ بۆیە ئەو جۆرە بڕیارانە لە ماوەیەکی کەم گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بە تایبەت ئەگەر ئەو بڕیارە بە پەلانە بگەنە هاوسەرگیری، ئەو کات هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیایەتییە بەو تەمەنە کەمە زۆر ئاستەم دەبێت و ئامارەکان خۆیان ئەو ڕاستییە دەردەخەن.

لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەدا پێویستە لە قۆناغی کۆنترۆڵ و لێکدانەوەی پێوەرەکانی خۆشەویستی و هاوسەرگیری زیاتر وردبینەوە تا بە بێ بەرچاوگرتنی خۆشەویستی ئاگرینی یەکەم ڕۆژەکان خوێندنەوەی زیاترمان لەسەر ئەو بابەتە هەبێت و ئەو ڕۆشنبیرییە لە نێو خێزانەکاندا بڵاو بکەینەوە.